# شیعرییەتی ژن‌و مێیینەیی چامە
## لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا



لوقمان رەئوف

قسەکردن لەسەر ژن‌و جەستەی ژن، لە ناو شیعری کوردیدا بەگشتی‌و بەشێوەی جیاجیاو پۆلێن پۆلێن دەبینرێت، بەڵام لە کۆی ئەمانە، نەتوانراوە تاکە شاعیرێك خۆی لەم حاڵەتەدا چڕبکاتەوەو کۆی گشتیی شیعرەکانی بۆ ژن تەرخان بکات، بەڵام هەندێ شاعیریشمان هەن کە شیعری جوان‌و تەنانەت دیوانێك بۆ ژن تەرخان دەکەن، ئەگەر لە کۆی ئەم شاعیرانە، شێرکۆ بێکەس بکەینە نموونە، ئەوا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەندێ شیعری جوانی بۆ ژن‌و دیوانی ملوانکەی بۆ ئەم مەبەستە نووسیوە، ئەم رەهەندە مێیینەیە لە جەستەی قەسیدەدا، شاعیرانی پێشتریش ئەم هەنگاوەیان ناوە، بەڵام هەنگاونان لەلای شاعیرە کلاسیکییەکان، جۆرە سانسۆرێکی ئەستی‌و کۆمەڵایەتیی لەسەر بووە، بۆیە کەمتر لە ناو شیعرەکانیاندا رەنگیداوەتەوە، بەڵام لەلای شێرکۆ بێکەس ئەو حەقیقەتەمان بۆ دەخاتەڕوو، کە پەیوەندییەکی تووندوتۆڵو گونجاندن لە نێوان ژن‌و قەسیدەدا هەیە، وەك:

ئەی شیعری جوان
ماڵەکەمان، گەر ئەتەوێ ماڵەکەمان پێبزانی
ناونیشانیم داوەتە دەست (با)یەکی وێڵ
کە تەنیایی ژن شەقامی و
کە زریکەی ژن گەرەکی
کە تەمتوومانیش ماڵێتی(١)..........ملوانکە، ل٥١.

لەگەڵ ئەمەشدا، هاوکات ژن دەکاتەوە بەبارانو دەیکاتەوە بەسەرچاوەی ژیان، بۆیە لەگەڵ ئەو پەراوێز خستنەی کە کۆمەڵگە خستوویەتییە سەری، بەسەرچاوەی ژیان دەزانێت، وەك:

ژنو باران
رێزە بەرێزە، رێژنەیان، بەسەر مندا ئەبارێتو
بە هەردووکیان، سەوزم ئەکەن، ژنو باران.......... ژنو باران، ل٣٦

یان:

عەشقی ژنو عەشقی باران
با ببارێن؟. هێند ببارێن
تا تەنیاییم لە خۆیاندا غەرق ئەکەنو
ئاوارەییم سەرئاو ئەخەن. ژنو باران، ژنو باران.......... ژنو باران، ل٣٧

لەمەشەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە ژن لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا ئامادەبوونێکی هەیەو وامان لێدەکات لەسەری بوەستین، پێش ئەوەی بیر لە شتێکی دی لە دەرەوەی بکەینەوە، کە ئەوانیش رەمزو رەمز بۆ کراوە، لە کۆی ئەم بەکارهێنانە رەوابێژیو رەمزگەریانەدا، وێنەی ژنی جیاجیامان بۆ دەخاتەروو، کە ئەویش تایبەتن بە ژنی شێرکۆ بێکەسەوە کە شێوەی ناکەین، تەنها لە قەسیدەکاندا نەبێت، راستە ژن هۆکاری بزواندنی شاعیرە، بەڵام شاعیر لە شیعرەکانیدا بزواندن بۆ ژن دەگێڕێتەوە، لێرەشدا مەبەستی شاعیر ژنەکە نییە، بەڵکو شیعرەکەیەو ژنەکەش بەدەر لە باسکردنی، تەنها هۆکاری نووسینی قەسیدەی نوێترە. ژنی شێرکۆ بێکەس وەك ژنی زۆر لە شاعیرەکانی تر کائینێکە لە کاغەزو وشەو رستەکان، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین ئەوە بڵێین، کە ئەم جۆرە ژنانە نە لە واقیعداو نە لە ژیانی شاعیردا بوونیان نییە، تەنها لە کاتی بیرلێکردنەوەو داهێنانو خۆشەویستیو ژیان لەگەڵیان لە خەیاڵزای شاعیردا نەبێت، لێرەوە وتووێژو گفتوگۆکانی بۆ دەگوێزێتەوە، دواتر بەکۆتاییهاتنی قەسیدەکە، کۆتاییش بەمانە دێت، وەك:

مەگەر تۆ، تۆ بتوانی
بەدوو وشەی زەردەخەنە
بمکەیتەوە بەباڵای گوڵەبەرۆژەی
ناو قەسیدە!
بەیەك رستەی سەرنج لێدان
بمکەیتەوە بەپێدەشتو مێرگی پەخشان..............رەخنەی چاودێر، (٥٤).

یاخود:

بەڵام خەیاڵم تا ئێستا
شووشەیەکی تەماوییەو هیچ شوێنێکی تازەی شیعرو
هیچ ئاسمانو هیچ رەنگێکی سەوزو سووری حەزو زەوی ناخی

خۆمی لێ دیار نییەو وشەم نادوێ!................ژنو باران، ل٢٩.

شیعریەتی ژنو ڕەنگدانەوەی ژنیەتی لە ناو شیعردا خۆی بۆ خۆی مەودایەکی دیاریکراوی هەیە، چونکە نەتوانراوە ژن بۆ زمانی ژنیەتی لە ناو شیعرەکانیدا بەکاربهێنێتو شیعریەتی ژنی تێدا ڕەنگبداتەوەن، بەشێوازێك زمانی مێیینە ببێتە بالاپۆشی شیعرەکە، بۆیە کەم تا زۆرێك هەوڵ بۆ ئەم حاڵەتە دراوە، بەڵام ئەم هەنگاوە لە چاو ژناندا لە لای پیاوان، بەدیوی خوێندنەوەی ژنیەتەکە زیاتر دەبینرێتو زمانحاڵی مێیینە لە ناو شیعرەکاندا زاڵە، بۆ نموونە: ئەگەر لەم بارەشدا شێرکۆ بێکەس بکەینە نموونە، بەگشتی دەتوانین باس لە ڕەنگدانەوەی جۆراوجۆری زمانی ژنو مێیینەیی لە ناو شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، بەڵام بەپلەی یەکەم لە چامەی ملوانکەدا، بەتەواوەتی شیعریەتی ژنو مێیینەیی چامەکەی سەلماندووەو لە کۆی ئەمە شێرکۆ دەبێتە شاعیرێك، کە بەر لە شاعیرە ژنەکان ئەم پارسەنگە ڕەگەزییەی هاوتاکردبێتەوە، وەك:

هەتاو وتی:

ڕێمکەوتە دارستانێکەوە

هەرچی درەختێکی مێ هەبوو، پەرژینێ دەورەیدا بوو

بەمۆڵەتی درەختە نێرەکان نەبوایە

بۆم نەبوو بگەمە لایان!

لەم وڵاتەدا

هەموو حەزێك، دوو ژووری هەیە

هەموو مافێك، دوو ژووری هەیە

هەموو یاسایەك، دوو ژووری هەیە

هەموو پەیڤێك، دوو ژووری هەیە

لەم وڵاتەدا

لەم دوانانەدا

کامیان پەڕپووت ترو

لە هەتاو دوورترو

دڵتەنگترو

نەنگواز ترو

شێدارترە

ژووری ژنە!............ ملوانە، ل٨٠-٨٢



لە پانتایی ئەم خەیاڵزاییەی شاعیرەوە شاعیر دەریچەیەکمان بۆ دەکاتەوە، تاوەکو لێیەوە پەیوەندییەك لە نێوان ژنو شیعردا بکەین، لەم ڕوانگەشەوە دەگەینە جیهانی دەقەکانی شێرکۆ بێکەس، جگە لەمەش کلیلی پەیوەندیی نێوان لایەنی هەستیو لایەنی هونەریی ئەم دووانەو ئەوانەی کە یەکێتی ئەزموونی شیعریی دروستدەکەن، چونکە بەدڵنیاییەوە ململانێیەکی بەهێز هەیە، لە نێوان ئەزموونی شیعریدا، لە نێوان ژنو شیعریدا، یاخود لە نێوان هەردوو وێنەی ژندا، وێنەیەکی ڕەها، نموونەیی و بەرزی مێیینە، خۆشەویستی ژیان، لەگەڵ وێنەیەکی زۆری ژن هەیە، کە شاعیر یارییان پێدەکات، وەك:

ملوانکەمو لە توخمی مێم

لەشم شینو چاوم سەوزە،

خەڵکی زەریام

له دایکەوە بەبنەچە

ئەچمەوە سەر خەونەکانی (مەرجان)و

له باوکەوە

ئەچینەوە سەر خێڵەکانی (مرواری)………… ملوانکه، ل١٧-١٨.

یاخود:

ئەمڕۆ خۆر مێیینەو

بەرد مێیینەو قەڵەمم مێیینەو

شیعرم مێ………… ئەدەبو هونەر، (١٨١٩).

لێرەدا چونکه مەبەستی بەرز راگری ژنو ئەرکو پیرۆزیی ژنه، دیاریکردنی بنەچەی له دایکەوە دەستپێکردووەو دایك دەکاتە بنەما.

یاخود:

تۆ مەلێکی لەپەڕەی گوڵ

جوانیی ئاسۆتو

فڕینت پڕە له عەترو

گمەت پڕە له شەونمو

من درەختێکم له خەیاڵ

پەلو پۆم له تریفەیەو

گەڵاکانم له سەرنجو

ئامێزم پڕە له شیعر… خۆم…. ئەو وەختەی باڵندەم، ل١٣٣

جبرا ابراهیم جبرا دەڵێت: (ململانێ له نێوان شاعیرو ژندا، پاڵنەرێك بوو بۆ دۆزینەوەی ئەوەی، که خۆشەویستی له کۆتاییدا لەناوچوونەو ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها شیعره) شیعری شێرکۆ بێکەس ساتێکی خارقەو بەردەوام ساتێکه له دەرەوەی کات، لەبەر ئەوەی خۆشەویستی رەهایەو ژن تەنها حجەو عوزرێکی کاتییه، چونکه ژن لەگەڵ کاتدا لەناودەچێت، یاخود وەك خۆی نامێنێتەوە، لەبەرامبەردا شاعیرو خۆشەویستەکەی له دەرەوەی بازنەی کاتدا دەمێننەوە.

شاعیر، ژن له ناو شیعرەکانیدا دەخاتە ناو چوارچێوەی رەمزەوەو لەم پێناوەشدا رۆڵو ئەرکی پێدەبەخشێو بەهاورێو عاشقو تێکۆشەرو…تاد وەسفی دەکات، بەمەش ژن له شیعرەکانیدا دەبێتەوە بەرۆشنکەرەوەی ژیان، نەك وەك ژنێك، بۆیە بەردەوام ژن له ناو چەمکی رەمزدا دەخولێتەوەو لەم روانگەشەوە ژن دەبێتە دایك، نیشتمان، زەوی، یەکێتیو هەندێ جاریش نموونەی کولتووری کوردی، کەوایه زۆر جار شاعیر شیعرەکانی پڕ دەکات له جوانیی ژن، جوانیی ژنیش تابلۆیەکه بەوشەکان دروستی دەکات، چونکه جگه لەم شێوەیە هیچ بەهاو بایەخێکی نییه، بۆ نموونه:

چون ژنه چەخماخەی هەناوی شەوەزەنگ

بەکڵپەی پرچەوە

بەکڵپەی مەمکەوە

بڕواتو گوێ بەگوێی نهێنی بگەڕێو

لەوپەڕی ترسەوە هەتاوەکو ئەوپەڕی زەلیلی………ملوانکه، ل١٠.

یاخود:

وتم تۆ کێی؟!
وتی من ژانو ئارامو
ئیلهامەکەی رۆحی دایکم!..........ملوانکە، ل١٨٣.

کەوایە قەسیدە لەشێکی بە وشە دروستکراوە، وێنەی جەستەیەکە، کە دەقەکەی بەیادەوەرییەکان بنیادناوە، بەڵام لێرەدا شاعیر هەوڵی نەداوە بەشێوە تایبەتییەکە بچێتە ناو قوڵایی ژنی کوردیو هەوڵی ناسینی نەستو دەروونیەتو بیرو هزری بدات، بەڵام ئەو هەوڵانەی زیاتر کە لە شیعرەکانیدا داونی زیاتر تێگەیشتنە لە قوڵایی هەستو سۆزی ژنو مافە پێشێلکراوەکانی وەك:

لە ئاسماندا عەقڵی نوقسانە مانگەشەو
چونکە مێیە!
لەسەر زەوی عەقڵی نوقسانە گوڵەباخ
چونکە مێیە.
لە رەنگا عەقڵی نوقسانە وەنەوشەیی
چونکە مێیە.
لە دەنگا عەقڵی نوقسانە کزەبا
چونکە مێیە...............ملوانکە، ل٨٤.

لەگەڵ ئەمانەشدا پێیوایە قەسیدە بەشێوە وەسفییەکەی جەستەیەکە، بەڵام جوانیو کاریگەریی خۆی هەیەو ئەمانەش لە رێگەی هونەرەکانی رەوابێژیو رەمزەوە دروست دەبن، بەمەش هەردووکیان لە کیانێکدا یەکدەخات، کە ئەویش جەستەیەکی شیعریی ژنییە، بەمەش ژن قەسیدەیەو قەسیدەش ژن، ژن مێیینەیەو دایکە، مێیینەیی بەجەستەو دایکیش بەلەدایکبوونو قەسیدەی مێیینەو دایکیش، مێیینەیی بەجەستەی (زمان)و دایکییەتیش بە لەدایکبوونی واتا، بەم پێیەش چوارلایەکی پەیوەستی کارلێکەرو کارا دروست دەبێت وەك:




ئەو دوو رەگەزە هاوبەشەی نێوان قەسیدەو ژن بریتین لە زمانو مێیینە بوون، کاتێك مێیینەی قەسیدە دەردەکەوێت، کە جەستەی بەزمانی شیعریی برازێنرێتەوە، بەڵام شیعریەتی ژن کاتێك دەردەکەوێت، کە لەشی بەهۆکارە جوانکارییە مێیینەییەکان برازێنرێتەوە، لێرەشەوە هەردوو جەستە زۆر جار یەك دەگرنو هەندێ جاریش جیادەبنەوەو لە هەر بارێکیاندا هەردوو جەستەکە ئاراستەی تایبەتیو کارکردنو کاریگەریی خۆیان هەیە، وەك:

ئەمڕۆ ژیان مێیینەیە

ئەمڕۆ ڕۆژی زیوینی.. سەروقژ بەپرشنگو

شانومل بەپەڕەی هەڵاڵەی تۆیە، ئەی چاوگی بوونمان...ژن!

ئەمڕۆ ڕۆژی تەوێڵ بەبژوێنی

بەیانی خۆشەویستی تۆیە، ئەی چاوگی بوونمان، ژن ......... ئەدەبو هونەری کوردستانی نوێ، (1819)

ئەوەی پێویستە لەم هاوکێشەی مێیینە بوونەدا بگیرێتەبەر ئەوەیە، کە بنیادنانی شیعری ژن پێویستی بەزمانی تایبەت بەمێیینە هەیەو دەبێت لە ناو دەقی شیعریدا زمان مێیینە بێتو ئەم حاڵەتەش تێیدا ڕەنگبداتەوە.

ململانێ لە نێوان قەسیدەو ژندا بەردەوام لەگەڵ کاروانی شیعرییدا بەردەوامە، چ بەشیعر بێت یان بەدیوان بۆ نموونە: لە دیوانی (حەفتا پەنجەرەی گەڕۆك، ملوانکە) یاخود شیعرەکانی (ژنو باران، ژن، لێرە مەمرە جانی جانان....تاد) وا هەست دەکەین لەم شیعرانەدا ژن بەرپرسە لە هاتنەئاراو نووسینیان، چونکە ژن پێکهاتەی سەرەکیی ئەم شیعرانەیە، لەم ڕوانگەشەوە ژنو قەسیدە دووانەیەکی بەیەکەوە پەیوەستبوون، هیچیان بەبێ ئەوی تریان ناتوانێت ئامادەبوونی هەبێت، زۆر جاریش ململانێیەکی دەروونی سەرهەڵئەدات، لەپێناو حەسمکردنی لایەنێکیان بەسەر ئەویتریاندا، زۆرجاریش ئەم حاڵەتە دەیخاتە خولگەی بنچینەیی قەسیدەو بنچینەی ژنەوە، هەرگیز قەسیدەش ڕوانینی خۆی نە وندەکاتو نە لەدەستی دەداتو بەردەوام چالاکەو کات هیچ حاڵەتێکی گۆڕانی بەسەردا ناهێنێت، لە ڕوانگەی لەناوچوونەوە وەك بەسەر ژندا دێت، ئەمەش وا دەکات شاعیر بەردەوام باس لە ژن بکات، لەم ڕوانگەوە شاعیر دەیەوێت ئازادی بداتە قەسیدە، چونکە ئازادی بەخشین بەقەسیدە لە خودی خۆیدا ئازادی بەخشینە بە ژن، وەك:

منی کچە ملوانکەی لەش شینی چاو سەوز

ئەگەرچی لە کچە ملوانکەکانی تر جوانتر بووم

بەڵام بێ بەختتر بووم. ئەوان هەرزانترو من گرانتر بووم

ئەوان یەك لە دوای یەك برانو گەیشتنە

گەردنی خۆیانو هەر من بەتەنیا لە ژوورە.........ملوانکە، ل33

هاوتابوونی جوانیی نێوان هەردوو جەستەکە (جەستەی ژنو قەسیدە) پەیوەستەیەکی ڕوونو هەتا هەتایی لە نێوانیاندا دەردەخات، بەردەوامیش ژن لەم چوارچێوەی قەسیدەدایەو لێی دەرناچێت، تاوەکو مێیینەیی لە دەست نەدات، بەمەش جوانییەکانی نامێنێت، ئەو ژنەی کە شاعیر خۆشی دەوێتو بەردەوام لە ناو شیعرەکانیدا باسیدەکات، ئەو ژنەیە کە دروستیدەکات، یاخود ئەوەیە کە لە ناو منداڵدانی قەسیدەکانیدا دەیبینین، کاتێك لێی دەردەچێت، یان لێی جیادەبێتەوە، دەبێتە ژنێك وەك هەر ژنێکی کۆمەڵگە، وەك:

پاییزێ لە خۆم

خۆم لە ژنێكو

ژنێك لە بای سارد........پایزە میوان، ل43.

لای شاعیر، شیعر تاکە هۆکاری کرانەوەی ژنو جەستەی ژنەو زۆرجاریش دەیکاتە بابەتی شیعرو جلوبەرگی قەسیدەی لەبەردەکات، بەگشتی لە ڕوانینە کۆمەڵایەتییەکانیەوە ژن دەقێکە تەنها چاو دەیخوێنێتەوە، بەڵام قەسیدە دەقێکە هەموو هەستو بیرەکان لە خوێندنەوەیدا بەشدارن، بەواتایەکی دی پیاو ژن بەچاو دەخوێنێتەوەو بەئەحساسەکانی تەفسیری بۆ دەکات، ئەمەش وا دەکات ژن دەقێکی سێکسی بێتو هەستەکان چێژی لێوەربگرن.




بەدەر لەمانەش بەتایبەتی لە دیوانی ملوانکەدا شاعیر دەیەوێت جەخت لەسەر دوو بنەمای سەرەکیو کاریگەرییان لەسەر ژنو خەفەخانکردنی بکات، یەکێك لەوانە پێشێلکردنی مافی ژنە بەهەموو رەهەندەکانییەوە، بۆیە بەردەوام ئەم مافخواردنە بەشێك بووە لە رێگەی سەرەکی خەفەخانی توانستی ژن، لەم بوارەشدا تەنها لە سنووری مرۆڤیشدا نایبینێت، بەڵکو ئەم مافخواردنە بەشێوەیەکە گەر لە نێوان گیاندارانی دیدا دەسەڵات سالاری هەبێت، دیسانەوە نێر پیاوەو مێیینەش ژنو لەم روانگەشەوە مێیینەکان هەمان حاڵەتی مافی خواردنیان هەیە، بەشێوەیەك کرداری لەدایکبوون کەمتر دەکاتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا رادەی زاڵمیو بێخەمیی پیاو دەردەخات وەك:

لێرە.. لێرە.. لێرە.. شتومەك بێ، کەلوپەل
بێو هەرچییەك بێ کە بینیمن من ئەزانم
نێرن یان مێ: دیوار نێرە، شەقام نێرە
درەخت مێیەو، کۆڵانی تەنگو باریکیش
زۆربەیان مێ، بەهارو هاوین نێرینەن..........ملوانکە، ل١٧٧

هەروەها بەدیوێك لە دیوەکان، ناپاکییەکی ژن کە بریتییە لە فرۆشتنی جەستە دەخاتەروو، لەبەرامبەریشدا ئەم کارەی لە چاو کاری ترو زیانمەندی پیاو بە بەرێزو خاوەن هەڵوێست دەزانێت، بەوەی تەنها زیان لە خۆی دەدات، بەپێچەوانەی هی ترەوە، وەك دەڵێت:

ملوانکەیەکی شێت ئەیوت:
دیارە بەدزی شەرەفەوە
ئەگەر پیاو سکی لە ژن پڕبوایە
ژمارەی دانیشتوانی ئەم دنیایە
سێ ئەوەندەی ئێستا ئەبوون!..........ملوانکە، ل١٠٤

یاخود:

ملوانکەیەکی سۆزانیی
لەسەر شەقامێکی گشتیی
کراسەکەی هەڵدایەوەو هاواریکرد
من هەر جەستەی خۆم ئەفرۆشم
هەر خۆمو بەس!
بەڵام لەسەر ئەم شەقامە، ئەیانبینم

تیاتاندایە جەستەی شاخو جەستەی
دەشتو جەستەی باخچەو
جەستەی هەتاو و بارانی
فرۆشتووەو
بێدەربەستیش لەسەر کورسی
شەرافەتی ئەم وڵاتەیش
دانیشتووە............ملوانکە، ل١١٦

لە بەرامبەریشدا شاعیر حاڵەتی بێوەژنیو خۆڕاگریی ژن لەو حاڵەتەدا دەخاتەڕوو، لەگەڵ ئەو هەموو خەمباریو نالەباریو ئازارە دەروونییەی تێیدا دەژی، بەلام بەدیوێکی تردا، شاعیر ئیرادەی ژن پیشاندەدات، کە هەموو شتەکانی دەکاتە قوربانی ئیرادەو خۆڕاگریی خۆی وەك:

هەر بێوەژنێ لەو خوارە
دەشتێکی چۆڵ وا لەڕۆحیا
نە(با)ی پیاوێ تیا هەڵئەکاو
نە چڵە گیای زارۆکێکیش تیا شین ئەبێ.......پاییزە میوان، ل١٤٣

لەگەڵ ئەوەی بەردەوام مرۆڤ چاوی لە سەریانەو بەچاوێکی ترەوە لێیان دەڕوانن بەهاوسەنگێکی تریان پێدەبەخشن، وەك:

ئەو کاتەی گوڵەکان ئەبنە بێوەژن
بایەکان چاویان زیاتر لە سەریانە
کە دەرفەتیشیان بۆ هەڵکەوت
ئەیانرفێنن........ لەگوڵەوە تا سووتوو، ل٨٣

دواجار ئەم مافخواردنو کاریگەرییانە، کە شاعیر ئەو رۆڵە ببەخشێتە کچ کە ژنی دوارۆژە، ئەم ئاراستەیە بگۆڕێت کە بڵێت:

ملوانکەی دایك: بەلام کچم تۆ هەر منی
تۆ هەر لەم جەستەی نەفرەتەو
هەر لەم ئاوێنە شکاوەی بەختی منی
ملوانکەی کچ: نا نا دایە! من نامەوێ لە تۆ بچمو
جەستەی من جەستەی تۆ نییەو
ئەو ئاوێنەیە ئەگۆڕمو
ئەو دەموچاوە ئەگۆڕمو
سیمای تازە ئەدۆزمەوەو
دەنگی تازە ئەدۆزمەوەو.........ملوانکە، ل١٣٨

بەدەر لە پێشێلکاریی مافخواردن، هۆکارە (کۆمەلایەتیو ئایینیو سیاسیو.......تاد)کان، دیسانەوە لە دنیای ژندا کاریگەرنو دەبنەوە لەمپەڕ لەبەرامبەر ئەم ئازادیو فەزای ژینەدا، لە کۆی دیوانی ملوانکەدا، خوێندنەوەیەکی مرۆیی کۆی موعاناتەکانی ژنە لە ناو جیهاندا بە کۆی هۆکارەکانەوە، وەك:

ئەمرۆ بیستمان لە دەورووبەری کێوەڕەش
تەنها لەسەر گۆڕینەوەی نامەی نێوان

گوڵەباخ و نێرەکەوێك
خێڵی خەنجەر
لووتی گوڵەیان بڕیوە!..........ملوانکە، ل١٥٠
یاخود:
ئەمڕۆ عەسر ملوانکەیەکی دراوسێی
جوانی هاوڕێم
لەم بەفرەدا
خۆی سوتان و بوو بەرەژوو
لەبەر ئەوەی رازینەبوو
بیدەن بەپیرە چەقۆیەك.........ملوانکە، ل١٢٤
یاخود:
لێرە بۆ پیاوەتی خەوشە
لە هیچ بۆنەیەکدا، لە چوونە ژوورەوەدا
لە هاتنە دەرەوەدا
ژن پێش خۆی بخات
تەنها لە یەك وەختا نەبێت
کە ئەم بەدار راوی بنێ و
ئەویش لە پێشیەوە راکات..........ملوانکە، ل٨٢

لە کۆی ئەم چەند دەقەدا، شاعیر دەیەوێت بەکۆمەڵێك وەسفی دیاری خاوەن رەنگدانەوەی ناو کۆمەڵگەو کاریگەریی کولتورو نەریت و.........تاد، لە سەر ژن لەگەڵ خستنەرووی وێنە جیاجیاکانی ژن، لەگەڵ ئەم خستنەڕووانەی قۆناغەکانی روانینی ژنی خستووەتەڕوو، بەڵام لە کۆی ئەمانە، خۆی دەکاتە قوربانیی خەمانی ژنانی ئەم خاکەو دەڵێت:

خودایە!.... خودایە!
تکایە
کەنەفتی سەر جێگەی
کاغەزی بێ شیعرم نەکەیت و
گەر کردت.... پێش ئەوە
خودایە!
بەگوڵە خەنجەری ئەڤینی ئەو خەڵکەو
بەلاسکی وەنەوشەی خەمانی
ژنانی ئەم خاکە
بمکوژە!!..........پایزە میوان، ل٦٨

لەم دیوانەدا دیمەن و رۆڵی جیاجیا بەژن دەبەخشێت، لە دیمەنی دایکییدا ژن بەمرۆڤێکی ماندوو و هەژارو غەمبار دەزانێت، بۆیە بەردەوام سیمای دایکی لای شاعیر، بەتایبەتی دایکی خۆی، مرۆڤێکی رەشپۆشەو بەردەوام بەشێوازێکی گۆشەگیرو خۆگرەوە لە ژیان دەبینرێت، ئەمەش بەشێوازێك لە شێوازەکان پەیوەست دەکاتەوە بەکۆمەڵگەو کولتوورەوە، وەك دەڵێت:

دایکم لە شۆڕەبی پایز رووتەڵەتر...
لە تاق تاقکەرە تەنیاتر....
لە پەڕەسێلکە هەژارتر... دایکی منە
دایکم تاریکەشەو کراسێکی دایەو
گەڵاڕێزان لەبەریکرد........ژنو باران، ل١٠٢

تەنانەت شاعیر لە رۆژی ژناندا بەئاشکرا ناوی خۆی وەك جووەکان لێدەکاتو بەناوی دایکییەوە خۆی دەناسێت، ئەمەش بۆ زیاتر بەرزڕاگرتنی ئەم رۆژەیەو لە خودی خۆشیدا بەرزڕاگرتنی خودی ژنە، وەك دەڵێت:

ئەمرۆ من ناوم
(شێرکۆ شەفیقە)یە!!
تکایە با لەم یادەدا گوڵو وشەو
بازنو موستیلەو گەردانەکانی ژنان
هەر بەو ناوەوە بانگم بکەنو لە دەفتەری
خۆشەویستی خۆشیاندا هەر بەو ناوەوە
بمخوێننەوەو بمنووسنەوە..... خۆم.... ئەو وەختەی باڵندەم، ل١٧٣

کەوایە لە کۆی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا سەکۆو پێگەیەکی تایبەت بۆ ژن تەرخانکراوە، بەڵام لە دیوانی ملوانکەدا، کە سەرتاپای چامەی٦٤ ژنو بەدیوانی بوونی ژنو مافو خستنەرووی دیاردەو کیشەکانی ژنو ئاراستەکردنی بەرەو ئازادیو خۆبوونە، هەر لە سەرەتای قەسیدەکەوە کە بەرستەی (وەختێ کۆتایی ئەبێتە سەرەتا) دەستپێدەکات، کە ئیدی کۆتایی هێنانە بە بەربەستەکانو نەهێشتنی دابو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، بەمەش ژن دەچێتە قۆناغێکی دیو ئەم سەرەتایەش دەبێتە کۆتاییەکی تری نوێی، بۆیە لە کۆتایی دیوانەکەشدا دەڵێت: (وەختێ سەرەتاش ئەبێ بەکۆتایی).

**ئەنجام:**

لە کۆی ئەمانە دەگەینە ئەوەی کە ژن لەناو شیعری شاعیردا، دوو ئاراستەی وەرگرتووە،

یەکەم: ژنی شیعر، یان ژنی قەسیدە.

دووەمیان: جەستەی ژن، کە ئەمیش دوو شێوەی لە خۆگرتووە کە بەشێوە راستییەکەی یان رەمزییەکەیەتی، وێنەی خۆشەویستی لەلای شاعیر وێنەیەکی هەڵێنجراوە لە کاریگەربوونی منداڵیدا، بەگشتیو ئەو جۆرە وێنەی ژنە لە شیعرەکانیدا زاڵە، کە ژن مێیینەو خاوەن جەستەیەکی جوانو لانکی سۆزو خۆشەویستییە، جگە لەمەش لە پانتایی دیوانی ملوانکەدا بەچەندین رستەی شیعری، باس لە راگری ژیان لە لایەن ژنو ئارامیو تەواویەتی پیشاندەدات، بەم هاوکێشەو بەهایەی ژن، تەواوی روانینە دواکەوتوویيو دابەکانی کۆمەڵگە هەڵدەوەشێنێتەوە، وەك دەڵێت:

شەقام ئەڵێ تا مێیینەم بەشەو و رۆژ
ئازادانە پێدا نەڕوات
وا ئەزانم شەقامێکم دەستو قاچێکم نووقسانە.
رووبار ئەڵێ تا مێینە ئازادانە خۆی لە ئاوم هەڵنەکێشێ
وا ئەزانم رووبارێکم نیوەی شەپۆلم نووقسانە.........ملوانکە، ل١٢٦